# زاراوەی خۆماڵی و زاراوەی داتاشراو

ناسح حوسێن سلێمان

کاتێک زاراوە دادەتاشرێت کە شتێکی نوێ لە بواری زانست، ئابووری، وێژە و بوارەکانی دیدا دەئافرێنرێت، یان دەدۆزرێتەوە، بەو مەرجەی کە لە زمانەکەی خۆتدا نییە، هەندێک جاریش ئەو زاراوانەی، کە (داتاشراو؛ تازەدەسکرد؛ دەستکرد؛ تازەئیجاد)ن، لەبەر ئەوە داڕێژراون، چونکە لە کوردییەکەدا نەیاندۆزیونەتەوە، وەکوو (ناوبەن) بۆ زاراوەی (bookmark) [«ناوبەن؛ پەیکان؛ ناودەرس؛ ناڤبڕک؛ ناڤپەڕک؛ ناڤدەرسک؛ سەردەڤک؛ بێهنۆک؛ سەردەرس؛ دیک؛ دارک؛ دۆدک؛ نیشان؛ ڤەقەتاندەک؛ بەلی؛ بێلی؛ بەلدان؛ دکرت؛ دیکک.»، بڕوانە ل/ ١٦٥، ژمارە/٢، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی چەند بابەتێکی کوردناسی]، ئەمانە هیچیان ناوی داتاشراو نین، هەر هەموویان لەسەر زاری خەڵک هەن، کەچی چەندان زاراوەیان بۆ ئەو (ناوبەن)ە داتاشیوە، بێجگە لەوەی کە لە زمانی کوردیدا تەنیا لە دوو زاری ک. ناوەڕاست و ک. ژۆریندا نزیکەی پتر لە بیست وشە بۆ ئەم زاراوەیە هەبووە.

هەندێک جاریش قنیاتیان پێ نایە و ناسازێن و زاراوەیەکی نوێ دادەتاشن، وەکوو زاراوەی (خەتخۆش، خەتخۆشی)، بیکەیت بە (جوانووس، جواننووسی)، بەڵام لە هەمووی سەیرتر، کە شەرم لە زمانەکەی خۆت بکەیت و لە چەمکی [ئاسایشی زمان] تێنەگەیت و پێت شەرم

بێت بڵێیت [یاریکەر، نوێژکەر] و بیکەیت بە [یاریزان]، بەپێی زاراوە پێوانەییەکان، پاشگری (-زان) لە [زانست؛ زانین. زانست وشەیەکی زاری کەلهووڕی و بنزاری شێخبزێنییە، بە واتای: زانین دێت، دەڵێن: زانستم، واتە زانیم] وەرگیراوە و شوێنی (زانا) دەگرێتەوە، وەک: کۆمەڵزانی، کۆمەڵزان، واتە یاریکەرەکانمان هەموو زانان، نەک یاری دەکەن، ئەمە کارەساتێکی گەورەی لێ دەکەوێتەوە، هەرچی بناغە و هیم و ڕەسەنایەتیی زاراوەسازیی زمانی کوردی هەیە، کە کورد بەدرێژایی مێژوو دایناوە و جێگیری کردووە، هەر هەمووی دەشێوێنێت و بە شێوەیەک دایدەتاشێت کە پشت بە هیچ تیۆرێکی زاراوەسازیی زمانی کوردی و جیهانی نابەستێت، ئەمە بۆ ئەو زاراوانەی کە ئێمە لە زمانی کوردیدا هەمانن، بەڵام بۆ ئەو زاراوانەی کە لە ئەنجامی ئەوەی زانست دەیاندۆزێتەوە، یان دەیانئافرێنێت و لە زمانەکەماندا وەگیر ناکەون، وەک چۆن لە زمانەکانی جیهانیشدا نین، ئەوە دەکرێت سوود لەو ڕێگەیانە وەربگیرێن کە لە زمانی کوردی و زمانە جیهانییەکاندا پەیڕەو کراون و وەک پێوانە بەکار هێنراون.

لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە زاراوە دانەتاشین و ڕۆی نەنێین، بەڵکوو دەڵێین تا زاراوەی خۆماڵی هەبێت، پێویست بە زاراوەی دەستکرد ناکات.

ئەم زاراوانەی خوارەوە هیچیان داتاشراو و دەستکرد نین، بەڵام ڕووماڵیان بۆ نەکراوە و سوودیان لێ وەرنەگیراوە، ئەگەرنا بە [خانەباخ] مان نەدەگوت [مەزرەعە]. [المزرعة].

● خانەباخ [ناوی لێکدراو]

- [پ-]: ئەو خانووەی کە لە باخێک دروست دەکرێت.

- [هت-]: باخەماڵ: عەکوور؛ خاسباخچە. [ع: المزرعة]. باخگەڕ؛ گەڕەباخ؛ باخێ گەڕ؛ باخێ گەڕینێ.

- پێشنیازکراو.: خانەباخ.

● کادپۆست: پەخشەدەنگ.

● پارادیم: نموونەگەری.

● پلاتفۆرم: مەکۆ؛ سەکۆ.

●زاوابەندی: بەزاوابەندی: [الزواج السياسي].

- جاران وەها ڕێک دەکەوت کابرایەک، شوانێک، یان جووتیارێکی دەگرت، شوانەکە یان جووتیارەکە زۆر باش بووە و خاوەن ماڵ کچەکەی خۆی داوەتێ بۆ ئەوەی ڕەنجبەرەکە بەجێی نەهێڵێ و ئەم سەودا و کردارەش پێی گوتراوە: زاوابەندی؛ بەزاوابەندی: [الزواج السياسي].

- لە دیوەخانێ خڕ بوونەوە، گۆتیان حاجی ئاغا، عەگیدی ئەوهامان کەم دیتییە، گۆتی ئەوجا چارەی ئەو عەگیدەی چییە؟ گۆتیان وەڵا چارەی ئەو عەگیدەی چییە، چارەی هەر ئەوەیە گورەکت هەیە لە باغی، پێشکێشی کەی. ئەسمەرخان، چ ئەسمەرخان، هێشتا بای پێ نەکەتییە و کەس بە چاوی خۆی نەیدیتییە. دەرێ بانگی مەلای کرد، ئەسمەرخانی لێ مارە کرد و پێشکێشی کرد. قەسرەکی لۆ ئامادە کرد و گۆتی سمایل ئاغا، ئەمە لە باووباپیرانمانەوە لە قەدیمەوە هەروەها بووە، چ کابرایەک بەزاوابەندی بێتە کنمان، چ کچمان بدەینە کابرایەکی، چوونە دوو تارانێی لێ ناکەوی. [١٠٨/ مەحمود حەمەد شێخانی].

● زستانەهەوار: زستانەگەشت؛ السياحة الشتوية.

- بیری منداڵی تیژە، تازە پێم گرتبوو،

نەوەڵــلا چــوار پێنــج ســاڵان ئەبــووم، خــۆت ئەیزانی ئێمە دەوارنشین بووین. هێشتا گەلێکی مابــوو بــۆ ئــەوە بچیــن بــۆ کوێســتان، زســتانە هەوارەکەشمان ناخۆش نەبوو. ساڵان لە ناکاو مارفی سەمین ماڵ و پیاوی خێڵەکەی ئەدایە بەر و ڕووەو هەوار پێی پێوە ئەنا، ژن و مناڵ و ئەمانەش ئاژەڵەکەیان ئەدایە پێش و بە شوێنیانا ئەچوون. [هەمیشەبەهار، ع. سەجادی]

● بوارەهــەوار: بوارەگەشــت؛ بەهارەگەشــت؛ الســیاحة الربیعیــة.

● بەردەسیلە: ؛ بەردی بناغە؛ کەڤرێ قۆرزییێ. گۆشەبەند؛ کۆشەبەنت. خشتک. [حجر الزاویة].

● لاتاو/ سەردەشت: [التعلیق].

– لاتاودادان:

– لاتاویان دادەدا:

– جاران کە لاتاویان بە کەسێک دادەدا، دەیانگوت: «بوویە کۆڵەوەژی (کولەوژ–ڕامان) سەر تەندووری.»

– هێندێک لەو بەیتانەش بوونەتە مەسەل، وەک کەسێک کە زۆر لە سەر شتێکی بڕوا بە لاتاو دەڵێن: «بەیتی بلەیە»: وا دیارە بەیتی بلە بەیتێکی دوورودرێژە. [شاری وێران، عەلی حەسەنیانی]

– مانگی هەنگوین و شتی وا کە لە شاران ئێستا باوە لە لادێ نییە، بووک ئەوپەڕی سێ ڕۆژان لە کاروباری ماڵێ مەعاف دەکرێ، دووبارە، سەوەی ڕیخ ڕشتن، لۆلەپ و دوژەنگی (دۆژەنک) مەشکە، وێژینگی گێژە و لە خزمەتیدان، سەرباری ئەوە پرتە و بۆڵەی خەسوو، تەوس و لاتاوی دش و چەمۆڵەی هێوەژنیشی دێتە سەر، دیسان بووکی تازە پەنا دەباتەوە بۆ شیعر کە پێویست ناکا نموونەیان بێنمەوە. [هێمن].

– سەرانسەری کتێبی ئەو مێژوونووسانە پڕن لە هێرشی ناڕەوا بۆ سەر نەتەوەی زۆرلێکراو و بەشخوراوی کورد، بەڵام لە لابەلای لاپەڕەکانی ئەم کتێبە پڕ لە تەوس و پلار و لاتاوانەشدا جاروبار دەتوانین ترووسکایی ڕاستی بدۆزینەوە. [هێمن]

● ئەنگاوتە: السکتة.

دڵەنگاوتە: السکتة القلبیة.

– ئەنگاوتەی دڵ.

– مێژەنگاوتە: السکتة الدماغیة.

– ئەنگاوتەی مێشک؛ مێژەنگاوتە «مێشک؛ مێژی»: السکتة الدماغیة.

– ئەنگاوتە لە گوێی دڵی دا. [دەردی کتوپڕ]. [ل: ٢٥٧، فەرهەنگی وشەزبرەکان].

– ئەنگاوتە لە مێشکی داوە.

– چۆن نەناڵێ ئەو دڵە ئەنگاوتەیە؟!/ بەرد لە بەردی بێتەوە دەنگی هەیە. [هێمن].

– ئەنگوتن، بە مانای [پێکران، پێکیان، ئەنگێوران]: ئەنگوتم، ئەنگوتی، ئەنگوت.. تا دوایی. ئەلفێک هاتۆتە نێوان (گ) و (و) بۆتە [ئەنگاوتن].

– ئەنگاوتم، ئەنگاوتت، ئەنگاوتی، ئەنگاوتمان، ئەنگاوتیان، ئەنگاوتتان.

– دەئەنگێوم، دەئەنگێوی، دەئەنگێوێ، دەئەنگێوین، دەئەنگێون.

ئەم کردارە ئەگەر پێشگری (هەڵ)-ی پێشکەوێ، ئەلف زیاد ناکرێ.

[ئەنگێوە]: سفەتی فاعیلە، ئەو کەسەی باش دەپێکێ. [پەیکان] کە تیرە (پێکان)؛ ئەنگاوتن.

● بەرک: حەب. [دەرمانسازی].

– پاشێ ڕادبە هەموو بەرکێن کو ژ دەرمانخانێ کڕیبوون، تەڤان بهەڤڕە داڤێژە دەڤێ خوە.

– ل گوندەکی دێرکا حەمکۆ زلامەک ژ تەختۆر ڤەدگەڕە مالێ ژ ژنا خوە دخوازە خوارنەکێ ژێڕە بینە، دا دەرمانێ خوە بخوە. ژنک ڕادبە سێنییەک ماست ل بەر داتینە، مێرک ژی نانێ خوە دچێنیێ، چەند کەڤچییان لێ دخە و پاشێ ڕادبە هەموو بەرکێن کو ژ دەرمانخانێ کڕیبوون، تەڤان بهەڤڕە داڤێژە دەڤێ خوە، لێ ل شووشا شەرابێ دنەڕە کا چاوا وێ حەفت ڕۆژان ل پەی هەڤ، هەر دان کەڤچییەکی ژێ بخوە، هەما ڕادبە شووشێ هەموویی ب سەر فڕ دکێ، خوەدە دکە و دپنهیێ و دبێژە: ها بەرە هالۆ بێ ها، ما ژ کوو ئەزێ هەر دان کەڤچییەکی ژ شووشێ ڤالا بکم و بخوم، نا نا هالۆ چێترە. [جەمال دێرگولی/ قامیشلۆ].

شێلە [جەبلە؛ خەبتە]:

– دەمێ زەڤییێ دکەنە مالک مالک، پشتی ئاڤێ بەردەنە سەر و ئاڤ و ئاخ دبیتە شێلە/ دهۆک. [جەبلە].

● مرێخ؛ کۆرۆنا: دەردەخنکێن؛ ئێشا بێهنچکاندنێ: کۆرۆنا.

– دەردەمرێخ؛ دەردەخنکێن.

– مرێخگرتن؛ دەردەمرێخگرتن؛ گورێخگرتن؛ دەردەگورێخگرتن:

– هاوڕێکەم دەردەمرێخی گرتووە؛ هاوڕێکەم مرێخی گرتووە؛ هاوڕێکەم دەردەگورێخی گرتووە.

– ئەگەر کۆرۆنا پێش سەد ساڵ هاتبووایە، لەوانەیە خەڵکی گوندان ناویان لێنابووایە: دەردەخنکێن، لەسەر پێوانەی: گورگخنکێن و دەردەباریکە، هەندێک هۆز و عێلی دیش پێیان گوتبا: [مرێخ]. لەسەر پێوانەی [گورێخ؛ گورگخنکێن].

لە ساڵی ١٩٧٦ داپیرم باسی مارەکی کرد خانییان چۆل بوو، دەرکە قفر درابوو، گۆتم لۆ کەسی لێ ناژی؟ گۆتی بێودمە کەس نەوێری، ساحێب مار قڕانیان لۆ هات بە تاعون. لێی تێ نەگەیشتم چ دەردەکیان گرتیە دوای دەرچوو بە کۆلێرا مردبوون.

– مە یێ بگۆتا قۆتک.

– دەمێ بەرێ ژ نەخوەشییێ بێی ناڤڕە دگۆتن [هالکوومەوت]. نەخوەشییە وەکا قورۆنا بێهنا وان دچکییان دکرن هەلکەهەلک، ناڤێ وێ نەخوەشی یا هەلکەهەلکێ بوو، دگۆتن هەلکوومەوت هات مرنا ژار و فەقیرا پێڕە هات.

– ب ناڤێ [خەناخووتک] نەخوەشی هەبوو.

– دەمێن بەرێ نەخاشییەک گران هەبوویە گاڤا کی/ کێ ب ڤێ نەخاشییێ کەتا ژ هندرێ خوە کووردا دکوخییان گەوری تەنگ دبوو ئانگۆ نکاربوون بێهن بگرن ل ئاگری ژ ڤێ نەخاشییێڕە [کوروک] گۆتنە.

● بێلا: بەربێلا: [باڵکۆن]؛ بانک؛ بەربان؛ بەربانک/ شرنەخ، مێر.؛ بەربانگ/ تۆری؛ بەرنگ؛ بەرسفک؛ بەرسڤک؛ بەربان؛ شانشین؛ [بەربانک؛ شانەشین/ جب.]؛ ئەیڤان؛ ئەیوان؛ [کردکی: بەربرەی؛ بەربەرا]. پێلەخان؛ سڤدەر؛ هێوان؛ تارپێل؛ پێشدەر؛ سەندۆر؛ بەنک؛ بانک؛ سەردۆر؛ بەربەنک/ کورتالان، سێرت؛ بەرشباکە؛ سفل؛ پێشمال؛ سەفک؛ بەرکۆل؛ ئێزێل؛ بەربانێک؛ کۆلک؛ ڕەفک؛ بێلایی؛ بەرنک؛ بەرنەک؛ بەرکۆن؛ بەرسفک؛ مەندەرە؛ هۆلک؛ بەرمالک؛ [بەنەک؛ بەنک/ خەرزا]؛ سفلک؛ دک [ئەم هەڕن سەر دکێ ڕوونن]؛ بەرپەک؛ بانۆکە؛ سەڤک؛ سەرمال؛ سڤک/ گمگم؛ سەفک؛ سەفۆک؛ هۆلک؛ بەرسحک؛ سەفانە؛ ناڤلات؛ بەرمالک؛ سزلک؛ سەفک؛ تەرجک؛ [یێن مەزن: مەمبەر، یێن بچووک: مەمشە/ ئۆم.، مێر.]؛ سڤاندە؛ بەرسڤ؛ ئنزەل؛ بەلتک؛ دکانۆک؛

سـەرچاق؛ سـفل؛ بێربانـک/ کەرجـۆش، ئێلـح؛ لڤـان؛ بانـۆک؛ شانۆشـین؛ سـڤەرنەک؛ دۆشـک/ جـۆل.؛ شەلشـن؛ سـەفیک؛ شـەنک؛ بێلاهـی؛ سـێڤدەر؛ بـەردەر؛ مالشـین؛ شانشـین؛ بەرسـی؛ سـەفک؛ لیـوان؛ ناڤـدەر؛ مەرەنـد؛ بەرشـباک؛ ڕەواک؛ شـمک؛ ناڤـدەرک؛ کۆلـک/ سەمسـوور.

– ئەمێ چنە سەرێ بێنک. ئەمێ چنە بەربێنک.

●ماڵەپـەڕ: ماڵـی دەوری دێ، یـان دەوری شـارە، ئـەو ماڵەیـە لـە ماڵەکانـی تـر دابـڕاوە، یـان دوور کەوتووەتـەوە.

– «ماڵەپەڕەکـەت شـەو بـە مەنـزڵ کـەم» [فۆلکلـۆر].

● ئاوەبارانی: [المرشة].

● برژانەوە؛ برژاندنەوە؛ تاڤترشک: [التعقیم].

لاپڕ؛ لاپڕەسەن؛ لاپڕەسەنگ؛ [الفزولي].

– خزمەتـی ئـەکا هەتـا بـەر ئەگرێ/ لاپڕەسـەنگێ لـە پـڕ ئەیبـڕێ. [پیرەمێرد].

نووکەسمەک: [نووکەدرێل]: drill bit.

دۆشـڵەقێن: ماستاوشـڵەقێن/ بۆک؛ ماستاوشـڵقێن/ خانـێ؛ دۆژەنـە؛ شـڵقێنەر؛ شـڵقێنە؛ [ دۆخاوکـەرەوە؛ ماسـتخاوکەرەوە/ بانـە]؛ [دۆڵەقێـن؛ دۆشـلەقێن/ سـەق.]؛ چێوسـایلە: تەڤدێـر.

– ئەوەی کە دەشڵەقێت پێ دەگوترێ سایلە.

– مەکینـەی ماسـتاو/ کـەرک، شـارز، هـەل، ڕانیە؛ چەرخـی ماسـتاو؛ تەلـی ماسـتاو/ دوکانـی زێڕانـدۆڵ؛

– چێوسـایلە؛ ئـەوەی کـە دەشـڵەقێت پێـی دەگوتـرێ سـایلە.

وارە: قست؛ قیست [قست]:

– دوو وارەم لە قەرزەکە بەسەرەوە ماوە.

– لە قەرزەکەم دوو وارەم لا ماوە.

بەرزەک١: [منبر؛ میحراب]

– سەکۆی دووان، یان وتاردەران لە مزگەوتدا.

– مـن کـە ئێسـتا لـەم سـەر بەرزەکـە وێسـتاوم و نـاوم لـە خـۆم نـاوە پەندبێـژ، ئەگـەر ڕاسـتی ڕادەی دەردەکەتـان نەڵێـم، ویژدانـم ئـازارم ئـەدا. [هـەژار]

– لاوەکانمـان مـن بـە مەزهەبـی دەزانـن؛ بـە مۆڕەوە لێـم دەڕوانـن. لایـان وایـە منیـش نیمچـە ئاخوندێکـم. ئاخونـدی مێـزەر بەسـەریش منیـان دەدزێ. لایان وایە منێکی کراوات لە مل، مافی چوونـە سـەربەرزەک و وتـاری دیـن دانـم نییـە. [هـەژار]

– لەولایشـەوە ئەوانـەی خۆیـان نـاو نـاوە موسـوڵمانی خـاوەن ئیمـان، وەک مێشیشـیان میوان نەبێ وایە. هەر تەقەشیان لەسەر نایە. خەمـی چیانـە؟ هـەزاران تەکیـە و مزگـەوت و بـەرزەک و مینبەریـان هەیـە. چییـان گەرەکـە و چۆنیـان دەوێ، کەرسـتە لەبەر دەسـتایە. [هـەژار]

بەرزەک٢: وەرزەک؛ بەرزەخ: ناڤبڕ: ناڤبڕک:

– بڵندایی نێوان تەختایی، ئـەم وشـەیە عـەرەب کردوویەتییـە «بـەرزەخ»، بـەرزەک، بڵندایی کـەم لەنـاو ڕاسـتاییدا. بەرزایی نێوان دوو شت.

[]دڵبەند: [ع: معجب].

– شیعرەکانم لەسـەر شـێوەی کلاسـیکییە. لـە سـەرەتای لاویمـەوە زۆر دڵبەنـد [معجب] بووم بـە نالـی و کـوردی و سـالم و شـوکری و شـێخ ڕەزا و زێـوەر و بـێ کـەس و حەمـدی و بـە شـاعیرە لاوەکانـی وەک هـەردی و دڵـدار و هێمن و کامەران و ئەخـۆل. بەداخـەوە لەگـەڵ شـیعری ڕوانگـەدا هیـچ ئاشـنا نیـم، هەرچەنـدە گەلـێ لـە شـیعری لاوەکان لـەم بابەتـەوە زۆر جـوان و پەسـەندە. [چەپکـێ گـوڵ و خونچـە، عەلـی عـارف ئاغـا (١٩١٠ - ١٩٩٦]

– لێـرەدا لەبـەر زۆر دڵبەنـد بـوون بـە یـارەوە، خـۆی گێـل ئـەکا و ئەڵـێ: کۆتـرەکان! ئـەو

نازدارەی من کە کەوتۆتە ناوتان، سوێندتان ئەدەم بە خوا ئەوە لە ئێوەیە؟ یا ئینسانە! [خۆشخوانی، سەجادی]

– تەبیعەت تەڕ بووە یەکسەر نەماوە سۆفیی وشکی/ یەکێ پابەندی کارێکە، یەکێ دڵبەندی یارێکە. [زێوەر]

– ئەو پابەندی خاک کۆنەهەواران/ من دڵبەندی خاک مەزاری یاران. [پیرەمێرد]

– هاواڵی دەمانی خۆش و خەم بوو/ دڵبەندی خەمان و ناوی مەم بوو. [هەژار]

زەماوەند١: [حفلة الزواج]

– ئاهەنگی هاوسەرگیری.

زەماوەند٢: هاوسەرگیری.

– زەماوەندم لەگەڵ فاتێ کرد:

– زەماوەنگە: ناوی گوندێکە لە کەلار.

خورشت: الحساسية.

پاشدو: پاشڕا؛ پاشگۆ؛ فیدباک [FEEDBACK]:

پێشدو: پێشگۆ؛ پێشڕا. فیدفۆروۆرد [FEEDFORWARD]:

کێوەسۆڵ: کێوەسەهۆڵ؛ گاشەسەهۆڵ؛ گاشەسۆڵ؛ سۆڵەکێو. [جبل جليدي]

ڕانان: [عەرز].

– ڕادەنێین:

– هەر ئەو ڕۆژە دۆژە – لە بەر خوانەناسەکان ڕادەنێین، چ ڕانانێ!

– خۆڕانان؛ خۆڕانواندن:

– بۆ خۆڕانان ئەم فروفیشاڵانە دەکات، یان ئەم گونگەڵانە دەگێڕێ. [قزڵجی]

– لەو دەمەیدا دۆ دەکەونە خۆڕانان/ لەو دەمەیدا کە دەکوشن گوڵمەی ڕانان. [هێمن]

– نەمویستووە خۆم ڕابنوێنم.

– سێ پێیی پێدان هەلی خۆڕانان/ ئەژنۆ چەماندن، پەنجەی پێ دانان. [هێدی]

– بەجوانڕانان:

– خۆبەجوانڕانان:

– ئەسپ و ئێستر و کەریشی، هەم بۆ سواری هەم بۆ خۆ بە جوان ڕانانی ئێوە چێ کرد. شتی وەهاش دروس دەکا کە نایزانن. [هەژار]

– لەبەریەکڕانان:

– وە نییە هەر من و تۆ بیناسین، کتێبە نەمرەکەی فیردەوسی لە سەرانسەری جیهاندا ناسراوە. لێرەدا کە برتراند ڕاسیل، پاش لەبەریەکڕانانی حەماسەکانی فیردەوسی و «هۆمیرۆس» ڕاستگۆیانە دەڵێ: «هۆمیرۆس تەنیا حەماسەبێژێک بوو، بەڵام فیردەوسی حەماسەی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەژیاندەوە»

– لەبەریەکم ڕانان:

– منیش بەبێ فوولەدۆکردن لێفەکۆنم لێ ڕاخست و شانم لێ داخست و شەرەفنامەی فارسیشم لەلای خۆم دانا و هەژارنامەی کوردیم زۆر بە وردی خوێندەوە و دەگەڵ ماکەکەیدا لەبەریەکم ڕانان و چۆنم هاتە بەرچاو، ئاوای دەگێڕمەوە. [هێمن].

**سەرچاوەکان:**

١. فەرهەنگی وشە زبرەکان، محەمەد فەریق حەسەن، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، ٢٠٢١.

٢. عەلی جەوشەنی، کوردستانیکا، فەرهەنگی ئینگلیسی — کوردی — فارسی، بەرگی یەکەم، کەرەج، ١٣٩٤/ ٢٠١٥.

٣. کانیی مرادان، سەلاح پایانیانی، چاپی دووەم، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، چاپخانە: گوتار، سەقز، ٢٠١٩.

٤. ڤەژینبۆکس، ڕۆژی سەرلێدان: ١٢/ ٣/ ٢٠٢٥.

٥. ڤەژینلێکس، ڕۆژی سەرلێدان: ١٢/ ٣/ ٢٠٢٥.

٦. لێکۆڵینەوەی مەیدانیی نووسەر.

٧. فەرهەنگی زاری ک. ناوەڕاست — ک. ژۆرین، هیی نووسەر، دەستنووس.